# ڕۆژنامەی کوردستان و ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی (١٨٩٨ - ١٩٠٢)

بەڕێز عەباس
(کەلار)

ڕۆژی پێنج شـەممەی ٣٠ی «ذي القـعـده» ی سـاڵی ١٣١٥ کۆچی -٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ ی ڕۆمی کە دەکـاتە ٢٢ی نیـسـانی ١٨٩٨ ی زایینی لە شـاری قـاهیـرەی پایتـەختی میـسـر یەکەم ژمـارەی ڕۆژنامـەی کوردی لە چاپخانەی «الهلال» لە لایەن میقداد مەدحەت بەگی نەوەی بەدرخـان پاشـاوە چاپ کـرا (١). ڕۆژنامـەی«کوردستان» (٣١) ژمارە لێ دەرچووە و ژمارە (١-٥) لە شـاری قـاهیـرە و (٦-١٩) لە جنێڤ و لە (٢٠-٢٣) لە قـاهیـرە و ژمـارە (٢٤) لە لەندەن و ژمـارەکـانی تری (٢٥-٢٩) لە فـۆلکسـتـۆن و ژمـارە (٣٠-٣١)ی لە جنێڤ دەرچووە (٢)، ژمـارە (٣١)ی ڕۆژی (٦) ی موحەڕڕەم ١٣٢٠ (١ی نیسانی ١٣١٨ی ڕۆمی) بەرانبـەر (١٤) ی نیـسـانی ١٩٠٢ دەرچووە (٣).

مـیـقـداد مـەدحـەت بەدرخـان تەنیـا پێنج ژمـارەی «کـوردسـتـان»ی دەرکـرد، سێ ژمـارەی یەکـەمی لە چاپخانەی «الهلال» و دوو ژمارەکەی تری لە چاپخانەی «کـوردسـتـان»، قـەبارەی ڕۆژنامـەکە گـەورە نییـە و دوو هەزار دانەشی لێ چاپ کـراوە، لە لاپەڕەی یەکـەمی ڕۆژنامـەکـەدا نووسـراوە کـە مـانگی دوو جـار دەردەچێت، بەڵام لەبەر گـەلێک هۆ و کـۆسپ بە ڕێکوپێکی دەرنەچووە، ڕۆژنامـەکـە بە شـێـوەی کـرمـانجی ژووروو بەشـێـوەی جـزیرە و بۆتان بووە (٤)، عـەبدولڕەحـمـان بەدرخـان لە ژمـارە شـەشـەوە بوو بە سـەرنووسـەری «کوردستان»، دوایی براکەی میقداد لە شاری (جنێڤ) لە سویسراوە دەریکرد، عەبدولڕەحمان بەدرخان ڕۆژنامەی «کوردستان»ی دەرکرد تا ژمارە (٣١) کە کۆتایی ژمارەی ڕۆژنامەکەیە (٥).

لە ژمـارە (٤)ـەوە بە تورکـیش وتاری تێـدایە، بە تایبەتی سکاڵانامە (عر ضحاڵ)، پاشان نامەی کراوە (اضیق مکتوب) کە زۆرجار بۆ (سوڵتان عەبدولحەمید) نووسـراون دژی بەربەرەکـانێی ڕۆژنامـەکـە و ئازاردانی نەوەکـانی (بەدرخـان) (٦)، ئەو نووسـەرانەی کـە بەرهەمیان لەم ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە ئەمانەن: «حاجی قادری کـۆیی، ئەحـمەدی خانی، لاو شـێخ ئا. فـەتاح، ش.م (ژ ئەشرافێن دیاربەکرێ)، مەلا صالحی جەزیری، شێخ حەسەن، میر جگەرخوێن، عومەر فەوزی، بحەیلی ڕەزا، ڕەووف قوللری، ن ج.، سەید تاهیر بۆتی ئەتنەیی» (٧).

لەوانەیە ڕۆژنامەی کوردستان، تاقە ڕۆژنامەیەک بێت لە هەموو دنیا کە شەش جار ناوونیشان و مەنزڵگاکانی گۆڕابێت، هۆی ئەمە دیارە و پێوەندی بە دوو هۆکارەوە هەیە:

**یەکەم:** سانسۆر و هەڕەشەی دەوڵەتی عوسمانی کە بەردەوام چاوی لەدوای ڕۆژنامەکـە بووە و پاڵەپەستۆی داخستنی خستووەتە سەری.

**دووەم:** سـەرنوسـەری ڕۆژنامـەکـە، بە هەمـان شـێـوە ڕاونراوە، مـــەحکووم و ئاوارە ژیاوە (٨)، هـەروەها دەرچوونی ڕۆژنامـەکە لە قاهیـرە (میسر) بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١-ئاست بەرزی ڕۆشنبـیری میـسـر (بەراورد لەگـەڵ دەوڵەتانی دیکەی عەرەب)، بەهۆی داگیرکردنی لە لایەن ناپلیۆنەوە لە ساڵی ١٧٩٨ز و هێنانی گـەلێک زانا لە بواری جیاجیا، ئەم داگیرکردنە کاریگەری زۆری لەسەر ئاسـتی فـیکری گـەلی مـیسـر هەبووە، دەتوانین بڵێین داگیـرکردنی میسر جووڵانەوەیەکی ئێجگار گەورەی لە ناوچەکـەدا بەرپاکـرد، بەتایبـەتی لە مـیسـر لە بواری جیـاجیـای کـۆمـەڵایەتی و ڕۆشنبـیری، بە تایبـەتی دابینکردنی چاپخانە و بایەخدان بە شانۆ.

٢- لە سـاڵی ١٨٨٢ ئینگلیز توانی مـیسـر داگیـر بکات، بەڵام بەناو هەر لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو، کەواتە ئەمە جۆرە ئازادییەکی باشی لە میسر بۆ نەیارانی دەوڵەتی عـوسمـانی دروست کرد بوو، لەوێ کۆبوونەوە و کاری سیاسییان دژی دەوڵەت دەکرد، بەڕای من ئینگلیز ڕێگای بەم کــارانەی دابوو بۆ ئەوەی زیاتر چیــاوک (امتیازات) لە دەوڵەتی عوسمانی وەربگرێ.

٣- ســەرهەڵدانی جــووڵانەوەی چاکـــسـازی بە سەرپەرشتی (جەماڵەددین ئەفغانی و محەمەد عەبدە) لە مــیــســر دەورێکی زۆر کــاریگەری لە بەرزکــردنەوەی ڕۆشنبیری و کۆبوونەوەی نەیارانی دەوڵەتی عـوسـمـانی هەبوو.

٤- کـورد لای مـیـسـرییـەکـان غـەریب نەبوون، چونکە کوردێکی زۆر لە مـیسر دەژیان، ئەمانەش بۆ پاشماوەی سەردەمی سەلاحەددین ئەیووبی دەگەڕانەوە، کە ئەوسا میسرییەکان خۆیان لە مەترسیدا بوون و کورد توانییان لە مەترسی خاچپەرستەکان ڕزگاریان بکەن و قودسیشیان لێ بسێننەوە، ئەمە جگە لە هەبوونی زانا و قوتابی کورد لە زانکۆی ئەزهەر.

٥- شوێنی ستراتیجی میسر بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆ بۆ ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەتی عـوسـمـانی، بێـجگە لە بایەخی میسر بۆ بازرگانی جیهانی (٩).

ڕۆژنامەی «کوردستان» نوێنەری ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، دەرچوونی بە دەستپێشخەری کەسێکی کوردی نیشـتمـانپەروەر بوو، کە درکی بە بایەخی ڕۆژنامـەوانی کردبوو لە بواری هۆشیارکردنەوەی گەلێکی ستەمدیدە و بێ بەش لە کەمترین بارودۆخی پەرەپێدانی ڕۆشنبیرییە نەتەوایەتییـەکـەی، بەڵام ئەو ڕۆژنامـەیە ڕەنگدانەوەی ئاراسـتـەی فـیکری و سـیـاسی هەمـوو ئەوانە بوو کـە لە بزووتنەوەی بێـداریی نەتەوایەتی کـورد کـاریان دەکـرد (١٠)، لەو چوار تیــورە مــۆدێرنانەی کـــە باس لە دروستبوونی نەتەوە دەکەن یەکێکیان قسە لەسەر گرنگی چاپ و بڵاوکردنەوە و کاریگەری و ڕۆڵی لە دروست بوون و بڵاوکـردنەوەی هۆشـیـاری نەتەوەیی دەکـات، ئەویش تیورەکەی (ئەندرسۆن)ـە کە پێ لەسەر چاپ دادەگرێ و ئاوا باسی مـیکانیـزمی چاپ دەکـات «کـەسـانێک کـە یەکتری ناناسن ئەتوانن لە ڕێگای چاپ و بڵاوکردنەوەوە شـتـێک بخـوێننەوە و خـۆیان سەر بە کـات و شـوێنێک بزانن، خـەڵک کـە لە شـوێنێکەوە هەواڵێک وەرئەگـرن، وەک یەکیش ڕەفتار دەکەن» (١١).

دوای شکسـتی ڕاپەڕینە چەکدارییـەکـانی کـوردسـتـان کورد و نواندنی زەبری زیاتری سوڵتان (عەبدولحەمید)*، نیشتمانپەروەران و دەستەی ڕووناکبیری کورد بۆ یەکەم جار لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید و لە دەرەوەی کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییان بە

ناوی «کوردستان» لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە چاپ کرد (١٢)، مەدحەت بەگ لە سەروتاری یەکەمین ژمارەی «کوردستان»دا نووسیویەتی: «بەداخەوە کورد لە زۆر نەتەوە زیاتر خاوەن بیر و هۆشن، جوامێرن، لە ئایینی خۆیاندا ڕەوا و بەهێزن، بەڵام وەک نەتەوەکانی دیکە خوێندەوار و دەوڵەمەند نین، نازانن دراوسێکانیان چۆنن و چی ئەکەن و ئاگایان لێ نییە، پشت بە خوا ئەم ڕۆژنامەیەمان نووسی و بە پشتیوانی خوای گەورە لەمەودوا هەر پازدە ڕۆژ جارێک بڵاوی دەکەمەوە» (١٣)، هەروەها میقداد مەدحەت بەدرخان لە پاشکۆی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا، بە زمانی فەڕەنسی ئامانج و مەبەستی دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیەی دیاری کردووە و گوتوویەتی: «ئەمە یەکەمین جارە بەم زمانە ئەم ڕۆژنامەیەم بڵاوکردووەتەوە، بۆ مەبەستی تێگەیاندنی زانیاری و گیانی خۆشەویستی لەناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم دواهاندانی کوردەکان بۆ ئەوەی ڕێگەی پێشکەوتن و شارستانییەتی نوێ بگرن، لە هەمان کاتیشدا ئەدەبی نەتەوەیی خۆیانیان پێ نیشان بدەین، لەبەر ئەمە ڕووم کردە قاهیرە، لەبەر ئەوەی دەمەوێ نیزام و ئاسایش باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێ، بڕیارم دا لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە هەموو توانای خۆم لە دەرەوە تەرخان بکەم بۆ هەموو کارێک کە قازانج بە بەختیاری و پەروەردەکردنی بیری تێدابێت بۆ هاوولاتیانی کورد» (١٤).

«کوردستان» لە ڕێگەی لاپەڕەکانییەوە هەوڵێکی زۆری دا بۆ هۆشیاری و وریاکردنەوەی کورد لە بارەی ئەوەی لە وڵاتەکەیان ڕوودەدات وتارێکی بەسەردێڕی «کوردستان» بڵاوکردەوە و لەو وتارەدا کوردی واپیشان داوە کە زیرەک و لێزان و ئازا و کارا و بەجەرگ و خۆبەختکەر و پابەندی ئازادین و ئەوەی لە وتارەکەدا هاتبوو ئەمەیەو دەڵێت: «هەرچەندە ناوی کورد بە دەگمەن لە مێژووی جیهاندا باس دەکرێت و گەلانی دیکە لە چەرخی شارستانیدا لە ماڵی گشتی کورد و کوردستان بێ ئاگان، کورد خاوەنی خاکێکی بەرفراوانن کە لە کوردستانی ئێرانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ خەرپووت و تا قورنە کە زێی دیجلە و فورات لەوێ پێک دەگەن، هەروەها لە ئەنەدۆڵیش بڵاوبوونەتەوە لە ئێران و تەنانەت بلووجستان و ڕووسیا و ئەفغانستانیش و بەپێی ئەوەی کە ئینگلیزەکان دایانناوە ژمارەیان نزیکەی (٤) ملیۆن کەسە، دوای ئەوە وتارەکە باس لە ناوهێنانی کورد لە سەرچاوەکانی ئاشووری و فارس دەکات، هەروەها ئەوەی کە (ڕیچ) و کنەوکاری شوێنەوارناس (لایارد) و کەسانی دیکە، بێجگە لەم دووانە باسیان لێوە کردوون و کورد یەکەم میللەت بوون کە (کەڵەک)یان وەک هۆیەکی گواستنەوە لە ئاودا لە زێی دیجلە و فورات بەکارهێناوە، ئینجا وتارەکە باسی موسڵمان بوونی کوردەکان دەکات و دەڵێت: «دەوڵەتیان پێکهێناوە، دەوڵەتی ئەیووبی و دەوڵەتی مەڕوانی کە پایتەختەکەی دیاربەکر بووە، دیاربەکر لەو کاتەدا مەڵبەندی زانست و هونەر بووە، وتارەکە بەم ڕستەیە کۆتایی دێت: «ئەمڕۆش وەک هەموو ویلایەتەکانی دیکەی عوسمانی، کوردستانیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ژێر ستەمی ئیدارەی عوسمانی خەریکە دەتوێتەوە و لەناو دەچێت» (١٥).

لە لایەکی دیکەوە لە سەروتاری ژمارە (٢)دا ڕوو لە میر و ئاغایانی کورد دەکات و لێیان دەپرسێت (... حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی «حب الوطن من الایمان») «ئەی میر و ئاغا و پادشایان لە ئێوە دەپرسم تا ئێستا کێ لە ئێوە شتێکتان کردووە بۆ نیشتمانی خۆتان بۆ ئەوەی بزانین کە ئێوە نیشتمانی خۆتان خۆش دەوێت ؟ خۆشەویستی نیشتمان ئەوەیە کە مرۆڤ نەهێڵێت، یان ڕێگا نەدات دوژمنان بێنە ناو نیشتمان، خۆشەویستی نیشتمان ئەوەیە کە مرۆڤ ئاوەدانی بکاتەوە، خوێندنگا و قوتابخانە و خێر و خێراتی تێدا دروست بکات، خۆشەویستی نیشتمان ئەوەیە کە مرۆڤ منداڵانی ئەو نیشتمانە بخاتە بەرخوێندن و خوێندنەوە و فێری پیشە و زانستیان بکات» (١٦)، کارکردنی میقداد مەدحەت بەدرخان لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بەو ئاراستەیە بووە، کە هەمیشە جەختی لەسەر زانست و خوێندەواری کردووە، بە ڕادەیەک گرنگی بە زانست و زانین داوە، کە دەیەوێت لە میانەی باسکردنی زانستدا ئایین بکاتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئەوەی شەرعیەتی زانست و زانین بچەسپێنێت، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو هەوڵی ئەوەی داوە کە زانست بکاتە پێویستییەکی گرنگی ئایینی (١٧). ئەم لایەنەش بۆ خۆی جۆرێکە لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد بۆ زانست و زانیاری کە بەشێکی هۆشیاری نەتەوەییە، لە ژێر سەردێڕی (بۆ کورد)، ڕۆژنامەکە بڵاوی

کردبووەوە دەیگوت: «ئەی کوردینە، ئێوە لە خزمەتکردنی سوڵتان بەولاوە هیچ شتێکی دیکە ناکەن، ئەویش ئێوەی وا لێ کردووە لای خەڵکی ڕقی لێتان بێتەوە و ناوبانگتان خراپ بێت لە هەردوو ژیان (دنیایی و ئاخیرەت) و لە شارستانی و زانست و زانیاری و خۆشی ئازادی بێ بەش کردوون بۆ مەبەستی ناڕەوا ئێوەی بەکارهێناوە و ئەوپەڕی ئاواتی ئەوەیە ئەو تاریکی و نەزانینە بەکاربێنێ کە ئێوە تێیدا دەژین، ئەی کوردینە ئێوە ئازاترین و زیرەکترین گەلانی ڕۆژهەڵاتن، چیتان کردووە بۆ پارێزگاریکردنی ئەو نیشتمانەی کە لە سەری دەژین ؟ ئێوە گیانی خۆتان بەخت کردووە و کردووتانەتە قوربانی لە پێناوی مەبەست و هیوای ئەو سوڵتانەی کە ئەوپەڕی هیوای ئەوەیە لەناوتان بەرێت، باشە چیتان بۆ بەختیاری کوردستان کردووە ؟ سوڵتان وڵاتەکەی ئێوەی کردووەتە پارووەیەک بۆ کۆمەڵە فەرمانبەرێکی دز، ئەرێ نەتانزانیوە ئەو خەلیفەیەی کە ئێوە گوێڕایەڵی دەکەن سوڵتانێکی زاڵمە و دەبێت لاببرێ ؟ گەلێک میللەتی بچووک هەن لە ئەنجامی تێکۆشان بە غیرەتی خۆیان توانیویانە کۆتایی بە غەدر و ستەمی حکوومەتەکانیان بێنن و بەختیاری خۆیان بهێننە دی، ئێوەش بە چاولێکردنی ئەو جۆرە میللەتانە پارێزگاری لە بەختیاری و چەوسانەوە و شەرەفی خۆتان دەکەن (١٨).

خاڵێکی گرنگ لە ڕۆژنامەی «کوردستان» هەڵوێستی ڕۆژنامەکەیە بەرانبەر نەتەوەی ئەرمەن و داکۆکی لە مەسەلە نەتەوەییەکەیان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەم هەڵوێستە لەلایەکەوە ئاستی هۆشیاری سیاسی ئەو ڕووناکبیرانە و ناوەڕۆکی ئازادیخوازانەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەدردەخات لە لایەکی دیکەوە، کێشەیەکی (فیکری و سیاسی) ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردستان پیشان دەدات (١٩).

ناوەڕۆکی وتارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە (میقداد مەدحەت و براکەی عەبدولڕەحمان بەدرخان) هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە خەڵک هۆشیار بکەنەوە و ئاگاداریان بکەنەوە لەو ستەمەی کە بەهۆی کورد بوونەوە لێیان دەکرێ، بەناوی ئایینەوە گەر پێشتر شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بە خەباتی چەکدارانە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ناسۆنالیزمی کردبێ، ئەوە ڕۆژنامەی کوردستان بە قەڵەم ئەم ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆ، ڕۆژنامەی «کوردستان» بایەخێکی زۆری بە پڕوپاگەندەکردن بۆ بیروباوەڕی نیشتمانی داوە و گوتارێکی بە ناوونیشانی (وڵات – وەتەن)ەوە بە تایبەت بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووە، گوتارنووس ئەم چەمکەی بەوە لێک داوەتەوە کە نیشتمانی کوردی بە (کوردستان) ناوبردووە و بە جەستەیەکی بریندار چواندووە، دەکرێت لە گوتارەکانی دیکەشدا (کورد) و (کوردەکان) و (کورد و کوردستان) و سەرنجی دروست بوونی هەڵوێستی نەتەوەیی کورد بدەین (٢٠)، بێجگە لەوە، عەبدولڕەحمان بەدرخان لە ڕێی ڕۆژنامەی «کوردستان»ـەوە گەلێک بانگەوازی بۆ کوردان نارد کە لەو بانگەوازانەدا هانی دەدان دژی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمید بوەستن و ئەو بارودۆخە تراژیدییایە کارەساتبارەی بیر دەهێنانەوە کە تێیدا دەژین لە سایەی حوکمی دواکەوتوو و دیکتاتۆریانەی سوڵتاندا، لە بانگەوازێکدا نووسیبووی و دەیگوت: «تکا لە کوردان دەکەم کە بە گوێ و دڵ گوێم لێ بگرن دوای ئەوەی کە خۆییان پێ دەناسێنێ دەڵێت: «ئەوەندەم بەسە کە بڵێم من مرۆڤێکم لە وڵاتی غەریبیدا دەژیم، من کوڕی کەسێکم کە پێش ئێستا لە پێناوی سەلامەتی و ئازادی و بەختیاری کورددا قوربانی داوە و منیش هەر لە پێناو ئەو مەبەستەدا کاردەکەم و باوکم لە پێناویدا تێکۆشاوە (٢١).

«کوردستان» نەخشێکی دیاری لە پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا هەبوو، شوێنێکی گرنگی لەسەر ڕووپەڕەکانیدا بۆ داهێنانی قەڵەمی کوردی لە بواری هونەرەکانی ئەدەبدا تەرخان کردبوو، ئەوەبوو لە ژمارە دووەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی کرد، ئەم داستانە جێی بایەخێکی زۆری خوێندەوارانی کورد و زانایانی ئەورووپاش بوو (٢٢)، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ئەدەبیات توانی کارێکی وابکات کە فەرهەنگ و کولتووری کوردی لە کەلەپوورێکی (تورکی – فارسی – عەرەبی) بگوێزێتەوە بۆ فەرهەنگ و کولتووری بە تەواوی نەتەوەیی و ئەدەبی نەتەوەیی پیشانی ڕۆڵەی کورد بدات (٢٣)، بێجگە لەوە، لە چەند ژمارەیەکدا هەندێ بەرهەمی مێژوویی و چەند لاپەڕەیەکی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی، لەمەڕ

بەدرخانییەکانی باپیرانی خاوەن ڕۆژنامەکە هەندێ شت بڵاوکراونەتەوە (٢٤).

ڕۆژنامەکە جۆرێک لە خوێندنەوە بۆ کتێبی «الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة» دەکات لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی کوردستان، ئەو کتێبە بەگرنگ هەڵدەسەنگێنێت، کتێبەکە وەک عەرەبی باسی زمانی کوردی دەکات، هەموو دیالێکتە زمانەکانی کوردی بەیەک گەیاندووە، خوێنەرانی ڕۆژنامەکە هاندەدات ئەو کتێبە بخوێننەوە، ئەو بڵاوکراوەیە ئەوە نیشان دەدات:

**یەکەم:** بەتەنگەوەهاتنی یەکگرتوویی زمانی کوردی.

**دووەم:** هاندانی زانا و خوێنەرانی ئەوکات بۆ ئەوەی خەمی زمانەکەی خۆیان بخۆن (٢٥).

تا بڵاوکردنەوەی «کوردستان» زمانی کوردی تەنیا بۆ ئاخافتن و هۆنینەوەی شیعر بەکار ئەهێنرا، جگە لە عەقیدە نامەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩ - ١٨٢٧) و، مەولوود نامەکەی شێخ حسێنی قازی (١٧٩١-١٨٧٠) بە کرمانجی خواروو، چەند نووسینێکی مێژوویی و فۆلکلۆری مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩-١٨٦٧) بە کرمانجی سەروو، بەرهەمێکی تری نییە بەم زمانە نووسرابێ و ئێستا لەبەردەستدا بێ، کوردی هێشتا نەبووبوو بە زمانی نووسینی نامە و پەخشان، خوێندەوارانی کورد لە ناوخۆیاندا بۆ نامە نووسین زمانی فارسی، یان تورکیان بەکاردەهێنا، ڕۆژنامەی «کوردستان» سەرەتای دەست پێکردنی نووسینی بابەتی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و مێژووییە بە زمانی کوردی(٢٦).

ئەوەی گرنگە کاریگەری ڕۆژنامەی «کوردستان»ە لەسەر کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، وەک لەم نموونەیەدا بۆمان دەردەکەوێت. «کوردستان» لە سووریا ناوی دەرکرد، بە تایبەتی لە دیمەشق کە بووە خاڵی دەستکردن بە بەشینەوەی ڕۆژنامەکە بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستانداو ئەوانەی هاتبوون بۆ دیمەشق بە شوێن ئیشوکاردا دەگەڕان، یەکێک لەو نیشتەجێیانەی دیمەشق ئەمەی خوارەوەی لە نامەیەکی بڵاوکراوەی نێو ڕووپەڕێکی سێیەم ژمارەدا نووسیوە: «چەند ژمارەیەکم لە ڕۆژنامەکە کڕی و کوردەکانم لە دەوری خۆم کۆکردەوە تا پێکەوە بیخوێنینەوە، هەر ئەوەندەی زانییان ناوی «کوردستان»ە، میرەکەیان دەری دەکات، لە شادی و خۆشیاندا دنیایان بەخۆیان نەدەگرت، بۆ ڕێزلێنان هەڵیانبڕییە سەر سەریان، کاتێک لە ناوەڕۆکەکەی تێگەیشتن وشەکانی ڕایچڵەکاندن، لە نێو خۆیاندا بەڵێنیان دا هاوکاری و یارمەتی یەکدی بدەن و منداڵانیان فێری پیشەی تەکنیکی بکەن» (٢٧).

لەبەر ئەوەی دەکرێت وەک نموونەی ڕۆشنبیری ئۆرگانی سەیری میقداد مەدحەت بەدرخان بکرێت، ئەو ڕۆشنبیرییە ئۆرگانییەی فەیلەسووفی ئیتاڵی «گرامشی» باسی لێوە دەکات، کە لای ئەو بیرمەندە ئیتاڵییە ڕۆشنبیری ئۆرگانی واتای ڕۆشنبیری پێشڕەوە، ئەو ڕۆشنبیرەی کە پێشڕەوی گرووپ و چین و توێژەکەی خۆی دەکات لە هۆشیاریدا، لە پێناو بەرپاکردنی گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی باوی کۆمەڵگا و گرووپەکەی خۆیدا (٢٨)، (بەهات حەسیب قەرەداخی) دەربارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» وتوویەتی: «یەکەم ڕۆژنامەی کوردی «کوردستان» یەکەمین دەنگ هەڵبڕینی ئاشکرای ڕۆشنفکرانی کورد بوو، کە بە شێوازی ڕۆژنامە و بە کەڵک وەرگرتن لە چاپخانە و بە زمانی کوردی بدرێ بە گوێی کورد و جیهاندا، هەم کۆشش و پرۆژەیەکی جیددی بووە بۆ ناساندنی کورد و زمان و مێژوو ئەدەب و قوربانییەکانی و ئازاییەتییەکانی بە دنیای دەوروبەر، هەم یەکەمین پەیمانی نارەزایی و ڕەخنەی توند و ئاشکرابوو لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی، لە لایەکی تریشەوە «کوردستان» ئەو مامۆستایە بوو کە خەڵکی کوردستانی هۆشیار دەکردەوە و ئەو بانگەوازە بوو کە لە خەوی قورسی دواکەوتوویی وەئاگای دەهێنانەوە، زۆر بە توندی ڕەخنەی جیددی لە هەل و مەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستانی ژێردەست دەگرت (٢٩)، جەعفەر عەلی نووسیویەتی: «لەگەڵ لە دایکبوونی ڕۆژنامەی کوردستاندا ناسیۆنالیزمی کوردی هەرەمی دەسەڵات و سنووری تاکی سەرکردە دەبەزێنێ و دەبێ بە خەون و پەیامی گرووپێکی چالاک و ڕووناکبیری کۆمەڵ، دواجاریش ئەم گرووپە ڕۆشنبیر و خوێندەوارە دەبێتە عەقڵی دامەزرێنەر و هەڵسووڕێنەری کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسی و کولتوورییەکانی دواتر لە کوردستانی بندەستی عوسمانیدا (٣٠).

ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی نەک

تەنیا لە پاراستنی زمانی کوردی، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە بەرەوپێش بردنی زمانی کوردیدا، بۆ ئەو کاتە ئەوە شتێکی زۆر پێویست بوو بە تایبەتی، چونکە بەهۆی نەخوێندەوارییەوە، داگیرکەران دەیانویست کولتووری خۆیان بەسەر نەتەوەکانی تردا بسەپێنن، لەبەر ئەوە ڕۆژنامەنووسی کوردی هەوڵی ئەدا نارەزایەتی باش و بە کوردییەکی پەتی بدوێت (٣١)، (د. ڕەفیق سابیر)یش دەڵێت: «ڕۆژنامەی «کوردستان» سەرەتایەکی نوێیە لە ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی کورددا، نیشانەی پێگەیشتنی هۆشیاری نەتەوەیی و ڕۆڵی دەستەی نوێی خوێندەواری کوردە لە خەباتی ناسیۆنالیزمی و ڕزگاریخوازیدا، هەروەها دەکرێت بە سەرەتایەکی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد دابنرێت (٣٢).

ڕۆژنامەی «کوردستان» وەک یەکەمین تەقەللای دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردی و وەک نوێنەری ئایدیۆلۆجی سیاسی هەڵبژاردەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵی کورد و وەک داهێنانی شێوەیەکی نوێی خەبات لە پێناو سەندنی مافی نەتەوەییدا، کارێکی ئەوەندە گەورەیە، ئەگونجێت بە خاڵی وەرچەرخان دابنرێ لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا (٣٣)، لەمەوە وەک ئاماژەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەی (کوردستان ١٨٩٨-١٩٠٢) لە ڕووی پەیامی ڕۆژنامەنووسییەوە هەڵگری گوتاری نەتەوەیی، نیشتمانی، مرۆییە(٣٤).

بۆ زیاتر سەلماندن و دووپاتکردنەوە، بۆ ئەوەی بزانین چۆن بووەتە نەوتی چرای خەباتی ئازادیخوازی کوردستان ئەم خاڵانە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم:** کە ناوەکەی کوردستان بووە، ئەوە دەگەیەنێ، نیشتمانێکی نەتەوەیی کوردنشین بەناوی کوردستانەوە هەیە، مانای دوو واتای زۆر گرنگ دەبەخشێ، یان بڵێین بەیاننامەیەکە ڕوو لە دوژمن دەکات و پێی ڕادەگەیەنێ، ئێمە خاوەن نیشتمانێکی نەتەوەیی داگیرکراوین ناوەکەی کوردستانە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەڵێت: «هۆشیار بن، ئێمە کوردستانین، بۆ سەرفرازی کوردستان تێ دەکۆشین، چونکە سەلماندنی بوونی خاکی نەتەوەیی و ناوە فەرمییەکەی یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی وەدەست هێنانی مافی چارەنووس و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

**دووەم:** دەرچوونی بە زمانی ڕەسەن و شیرینی کوردی ناسنامە نەتەوەییەکەی دووپات دەکاتەوە و گیانەکەشی هەروەک زانای بەناوبانگی ئەڵمانی (هانگر) دەڵێت: «زمان گیانی نەتەوەیە».

**سێیەم:** ناوەڕۆکی بابەتە سیاسی و نەتەوەییەکانی سەبارەت بە کێشەی کورد و ناردنی دوو هەزار دانە بۆ کوردستان کە بە خۆڕایی دابەش بکرێ، خۆی لە خۆیدا چرایەکی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای خەبات بووە، بگرە جۆشدانی هزر و هۆشی نەتەوەییشە.

**چوارەم:** ڕۆژنامەیەک دەوڵەتی داگیرکەر بەوپەڕی توانایی خۆیەوە بەربەرەکانێی بکات، ڕۆژنامەکەش ئەم وڵات و ئەو وڵات بکات، بێ گومان دەور و هێزێکی تایبەتی سەبارەت بە ئەرک و پەیامە نەتەوەییەکەی زیاتر دروست دەکات (٣٥).

**پێنجەم:** یەکخستنی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی لەیەک ڕۆژنامەدا، ئەمەش مانای یەکگرتوویی کورد دەگەیەنێ.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

**(١) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی ڕاستی، شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٨، ل٥٨ - ٦٠.**

**(٢) حەمە سەعید حەمەکەریم: یادی هەشتاویەک ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی، سلێمانی، ١٩٧٩، ل٢٣.**

**(٣) مەحموود زامدار: (کوردستان)ی دایک، هەولێر، ١٩٩٨، ل٨.**

**(٤) جەلیلی جەلیل:هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دا، و/ئەنوەر قادر، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٨.**

**(٥) هوگر طاهر توفیق: دورالصحافة الكردية في تطوير الوعي القومي الكردي (١٨٩٨ - ١٩١٨)، دهوک، ٢٠٠٤، ل٩٥.**

**(٦) مەحموود زامدار: سەرچاوەی پێشوو، ل٨.**

**(٧) د.کەمال فوئاد:کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی(١٨٩٨ - ١٩٠٢)، ٢٠٠٠، ل٢٠.**

**(٨) هەمان سەرچاوە، ل٢٢.**

**(٩) د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی: ڕۆژنامەی کوردستان(١٨٩٨ - ١٩٠٢) خوێندنەوەیەکی مێژوویی، گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی)،**

ژماره(٨)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٢، ل٢٢٨ - ٢٢٩.

(١٠) د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی:ڕۆژنامەی کوردستان و سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید، و/ عەبدولکەریم شێخانی، گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی)، ژمارە(٨)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٢، ل١٤٠.

(١١) حوسێن محەمەد زادە:ڕەوتی مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی و هۆکارەکانی، گۆڤاری (کۆچ)، ژمارە (٤)، ٢٠٠٦، ل٩٢.

*سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) سی و چوارەمین سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانییە لەتەمەنی سی و چوار ساڵی چووە سەرتەختی دەسەڵات، لە ساڵی ١٨٤٢ لەدایک بووە و لە ماوەی نێوان (١٨٧٦ - ١٩٠٩) دەسەڵاتی لەدەست بوو، برای موورادی پێنجەم بوو، بەڵام دوژمنی یەکتربوون، ناوبراو بۆ یەکەمین جار لەساڵی (١٩٠٠) زانکۆی (دارالفنون)ی کردەوە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دوژمنی سەرسەختی کوردان بوو، لە ئۆکتۆبەری (١٨٨٢) دوای سووتاندن و کوشتار و تاڵانییەکی زۆری ناوچەی شەمزینان، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری سەرۆکی ڕاپەڕینەکەی کوردی بەدیل گرت و نەفی کرد بۆ ئەسکەندەروونە، لە سەردەمی ئەویشدایە لە ١٨٨٩/٥/٢١ دوو گەنجی خوێندکاری کورد (د.عەبدوڵڵا) و (د.ئیسحاق سکوتی) لە ئیستەنبوڵ حزبێک بەناوی (ئیتحاد و تەرەقی) دادەمەزرێنن و لەکۆتاییدا دەبێتە ڕێگایەک بۆ لەناوبردنی سیستمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی(د.محەمەد حرب: سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، و/د.ئیبراهیم ئەحمد، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٥).(د.فەرهاد پیرباڵ:سوڵتانە عوسمانییەکان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٥٣.

(١٢) جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.، ل١٧٨.

(١٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی (١٨٩٨ - ١٩١٨)، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٧.

(١٤) د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

(١٥) هەمان سەرچاوە، ل١٥١.

(١٦) بەهات حەسیب قەرەداخی: سەرەتاکانی ڕۆشنگەری لای کورد «ڕەنگدانەوەی لە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا»، گۆڤاری (توێژینەوە)، ژمارە(١)، ساڵی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٦٤.

(١٧) عوسمان یاسین:بەرەو خوێندنەوەی سۆسیۆ - ڕۆشنبیری لە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە(٥)، ساڵی یەکەم، ١٩٩٨، ل٨.

(١٨) د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢ - ١٥٣.

(١٩) ڕەفیق سابیر:کولتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٨٢.

(٢٠) جەلیلی جەلیل: دامەزراندنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و چالاکی کوردستان، و: سدیق ساڵح، گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی)، ژمارە(٨)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٢، ل١٧٧.

(٢١) د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

(٢٢) جەلیلی جەلیل: دامەزراندنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و چالاکی کوردستان، ل١٧٩.

(٢٣) فەرهەنگ موزەفەر ئەحمەد: ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨ - ١٩٠٢) لە بووژانەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا، گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) ژمارە(٨)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٢، ل٢١٦.

(٢٤) جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کورد لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ل٤٦.

(٢٥) شاخەوان مەلا محەمەد: ڕۆژنامەی کوردستان و کاریگەری لەسەر هۆشیاری نەتەوەیی(١٨٩٨ - ١٩٠٢)، گۆڤاری (ڕۆژنامەنوس)، ژمارە(٥)، ٢٠٠٥، ل١٠١.

(٢٦) نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی (١٨٩٨ - ١٩١٨)، ل٦٥.

(٢٧) جەلیلی جەلیل:دامەزراندنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و چالاکی کوردستان، ل١٧٢.

(٢٨) عوسمان یاسین: سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

(٢٩) بەهات حەسیب قەرەداخی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

(٣٠) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

(٣١) ئازاد هیدایەت دەلۆ: دیداری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری کوردی، ١٩٩٩، ل١٣.

(٣٢) ڕەفیق سابیر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

(٣٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین:چەندلاپەڕەیەک لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی (١٨٩٨ - ١٩١٨)، ل٦٨.

(٣٤) هێرش ڕەسووڵ: ڕۆژنامەی ئەهلی لە باشووری کوردستان (١٩٩٤ - ٢٠٠٢)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٤٠.

(٣٥) مومتاز حەیدەری:دەوری ڕۆژنامەنووسی کوردی لە پێگەیاندنی هوشیاری نەتەوەیی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە(١٩)، ١٩٩٨، ل٢١.